

# ئایپاد دەبێتە کامێرایەکی پیشەیی

ئەوانەی کاری وێنەگری پیشەیی دەکەن و لە ستۆدیۆیەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییدا کار دەکەن دەزانن کە هەموو کامێرایەك بۆ ناو ستۆدیۆ نابێت و ئەو کامێرایەی لە ستۆدیۆیە دەبێت کوالیتی و تایبەتمەندیی زۆر پێشکەوتووی هەبێت.

دوای بەرهەمهێنانی ئایفۆن و ئایپادی کۆمپانیای ئەپڵ گەلێك ئامرازی لاوەکی بۆ ئەو دوو ئامێرە بەرهەم هاتن، یەکێك لەوانە ئامرازێکە بەناوی padcaster بەهۆیەوە ئایپاد دەبێتە کامێرایەکی پیشەیی وێنەگری بۆ ئەوانەی کە نیازیانە بە ئایپاد فیلم بەرهەم بێنن بە سوودە.

چوارچێوە ئەلۆمینیۆمەکەی لە دەوری ئایپادەکەیە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاست بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە زیان بە ئایپادەکە نەگەیەنرێت.

هەر لە چوارچێوەکەدا چەند کەلێنێك بۆ دانانی مایك، گڵۆپ یان کامێرایەکی دیکە هەیە. لێنزی ئامێرەکە لە دوو جۆری MM35 و MM72یە کە بە ئاسانی دەکرێت بە ئایپادەکە پەیوەند بدرێت.



# وەرگێڕێک هەمیشە لەگەڵتدایە

دەڵێن چەند زمان بزانیت ئەوەندە مرۆڤەی، گەر چووی بۆ وڵاتێك و زمانی ئەو وڵاتەت نەزانی کورد گوتەنی وەك کەڕ و لاڵ دەچیت و دەبێت تەنیا بە هێما و ئاماژە ئەویش کە تێك بگەن مەبەستەکەیان تێبگەیەنێت، کە نەتتوانی ئەلف و بێی وڵاتەکەش بخوێنیەوە ئەوە گرفتەکە زیاترە.

بۆ نموونە چوویتە وڵاتی چین و لە خواردنگە و ریستۆرانێك لیستی خواردنەکانت بۆ دێنن، نازانی ئەو ئەلف و بێ سەیروسەمەرە بخوێنیەوەو هیچ تێبگەیت، ئەوکات رەنگە لەبری گۆشتی بەرخ، گۆشتی پشیلەت بۆ بێنن!!

بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێرێکیان بەرهەم هێناوە کە وەك وەرگێڕێکی زۆر باش لەگەڵتە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە، ئامێرەکە کامێرایەکی تایبەتە هەرکە لەسەر نووسراوێك راتگرت، وەرگێڕانی نووسراوەکە بە زمانی مەبەست لەسەر شاشەکەی نیشان دەدرێت.

# زەینی SSD شوێنی هاردیسک دەگرێتەوە

هاردیسك ئەو پارچە گرنگەی کە لە کۆمپیوتەردا ئەرکی داکردن و هەڵگرتنی داتاکان واتە (پرۆگرام، دۆکیۆمێنت، وێنە، فیلم..تاد) لە ئەستۆیە، لە کۆمپیوتەردا رۆڵی سەرەکی دەبینێت. هەتا هارددیسك قەوارەی هەڵگرتنی داتاکانی زیاتر بێت، ئەوە بەو مانا000000یە دێت کە کۆگایەکی گەورەترت بۆ هەڵگرتنی داتاکان هەیە. گرفتێك لە هارددیسکدا هەیە ئەویش ئەوەیە گەرم دادێت یان بە مەودای زەمان تێك دەچێت، بۆیە لەم چەند ساڵەدا لەلایەن بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵدراوە، زەینی داکردنی داتاکان SSD شوێنی هارد بگرێتەوە. SSD بەم پارچەیە دەگوترێت کە وەك میمۆری دەچێت و لە راستیشدا جۆرێکە لە میمۆری کارت، ئەو پارچەیە زۆر تەنکە و کەمتر تێکدەچێت.

لەم دواییەدا کۆمپانیای Fusion-io جۆرە میمۆرییەکی SSD بەرهەم هێناوە کە بە جۆری ioFX ناسراوە و قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لەم میمۆرییەدا دەگاتە 1.6 ترابایت. کە ئەمە لە میمۆری SSD دا گۆڕانکارییەکی گەورەیە، ئەگەر بکرێت زیاتر لەو قەوارەیە بەرهەم بێنن ئەوە بێگومان ئەو میمۆرییە شوێنی هاردیسك دەگرێتەوە، ئەوکات کۆمپیوتەرە باش و سەرکەوتووەکان کێشیان ناگاتە کیلۆیەك.



# سۆنی داكێكی نوێ بۆ ئایفۆن بەرهەم دێنێت




داك (dock) بەم پارچەیە دەگوترێت كە ئەركی خزمەتكردن یان پەیوەست بوون بە پارچەیەكی تەكنەلۆژییە، وەك داك بۆ TV یان بۆ مۆبایل یان كۆمپیوتەر، ئەم داكانە هەركام چەند ئەركێك ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە داكێك كە بۆ تەبلێت بەرهەم هاتووە، دەكرێت وەك پایەیەك بێت بۆ تەبلێتەكە بۆ راگرتنی ، هەروەها سپیكەر و بلوتوس و شەحنكەرەوەی تەبلێتەكەش بێت.

لەم دواییەدا كۆمپانیای ناسراوی ژاپۆنی بۆ ئایفۆن 5 و ئایپاد داكێكی بەرهەم هێناوە كە بە SRS-GC11IP ناسراوە. ئەم داكە سەرەڕای ئەوەی كە ئایفۆن یان ئایپادەكە شەحن دەكاتەوە، خۆی رادیۆی و كاتژمێری سەرمێزە و ئەو فایلە مۆسیقیانەی كە لەسەر ئایفۆن یان ئایپادەكەن وەردەگرێت و بڵاودەكاتەوە، جگە لەوەش كاتژمێرێكی جەرەسدارە بۆ هۆشیاركردنەوەی بەكارهێنەرەكەی، لەگەڵ ئەم داكە ریمۆت كۆنترۆڵێكیش هەیە كە دەكرێت لە دوورەوە كۆنترۆڵی داكەكەی پێ بكرێت.

# پایسكلیش بەرەو جیهانی دیجیتاڵی رۆیشت



پایسكل یان بە واتایەكی دیكە ئەسپە ئاسنینە، مێژوویەكی لەمێژینەی هەیە و لەپێش هەموو ئەو ئامرازانە دێت كە مرۆڤ بۆ رۆیشتن لەبری ئەسپ و گیانداری دیكە سوودی لێوەردەگیردرێت، لە هەڵسەنگاندنێكی زانستیدا كە باس لەو ئامرازانە دەكرێت، دەگوترێت كە تەنیا خاڵی ئیجابیان هەبووە لە داهێنانیاندا لە ناو 20 ئامرازی دیكەدا پایسكل بە پلەی یەكەم دێت، پایسكل وەك ئۆتۆمبێل نییە كە خاڵی سلبی و نەرێنی گەلێكن، پایسكل هیچ ژینگە پیس ناكات و جەستەیەكی تەندروست بە بەكارهێنەرەكەی دەبەخشێت و تەمەنی مرۆڤ زیاتر دەكات.

پایسكل لەم دوو ساڵەدا گۆڕانكارییەكی جددی بەخۆوە دیوە و هەرچەندە ئەم گۆڕانكارییە لەم هەرێمەی ئێمە هەست پێنەكراوە، بەڵام لێرەدا باسی داهێنانی جۆرە پایسكلێك دەكەین كە كێشێكی یەكجار كەمی هەیە و لە باڵیەك دەخرێتەوە و لە جانتایەكدا هەڵدەگیردرێت.

پایسكیلی جۆری Yikebik كێشەكەی تەنیا 11.2 كیلۆگرامە، ئەو كێشە بۆ پایسكلێك كە شەحن دەبێتەوە و بەهەر شەحنكردنەوەیەكیش دەتوانرێت 15 كیلۆمەتر پێی بڕۆی كێشێكی گونجاوە. ئەم پایسكلە لە ریزی 50 داهێنانی گرنگی سەدە، پلەی 15یەمی هەیە. پایسكلەكەی لە ماوەی نیو كاتژمێردا دەتوانێت 10 كیلۆمەتر بڕوات. شایانی ئاماژە پێدانە پایسكلەكە هیچ پێدانێكی نییە و بەكارهێنەرەكەی هەر ئەوەندە بەسە كە سوكانەكەی كۆنترۆڵ بكات.





## کانون سایتێک بۆ فێرکردنی وێنەگری دادەنێت



کۆمپانیـــای کانـــون یەکێکـــە لە کۆمپانیا ناســـراوەکانی بەرهەمهێنانی کامێـــرای دیجیتالی، لـــەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو ســـایتێکی بەڕێ خســـتووە بۆ فێرکـــردن و چۆنییەتی کارکردن بە کامێـــرا دیجیتالییەکانی جـــۆری DSLR کـــە جـــۆری پێشـــکەوتووی کامێرای دیجیتالین. ئەدرەســـی ســـایتەکە ئەوەیە http://www.canonoutsideofauto./ca

سایتەکە سێ بەشی هەیە: فێرکردن، کاری زانســـتی و بەشـــی تەکنیکی، بەشـــی فێرکاریش خۆی لە سێ بەش پێکهاتووە.

لـــە بەشـــی کاری زانســـتیدا، بەکارهێنەر فێری چۆنییەتی ڕێککردن دەبێت و چـــۆن بتوانێت وێنـــەکان لە هەموو هەلومەرجێکدا باش بێنەدەر.

کاتێك سایتەکە دەکەیەوە لە بەشی play دا وەك ئـــەوەی کـــە خـــۆت وێنەبگریت، ئاوایـــە کاتێك دوگمەی وێنەگرتـــن دادەگریـــت ئـــەو وێنەی مەبەســـتتە دەگیردرێت، لەودا فێری ئـــەوە دەبیت چۆن ڕێکخســـتنەکان بۆ هەر وێنەیەك بگونجێنیت.




# گواستنەوەی فایلەکان لە فلاش میمۆری بەبێ کۆمپیوتەر



بۆ گواســـتنەوەی و ســـڕینەوە و کۆپی کردنی فایلەکان لەســـەر فلاش میمـــۆری بەبێ کۆمپیوتەر ئەنجامدانـــی ناکرێت، چونکـــە بەکارهێنەر دەبێت فایلـــەکان ببینێ و خودی فـــلاش میمۆریش هیچ تەکنەلۆژییەکی تێدا نییە کە فایلەکان نیشان بدات.

بەرهەمهێنەرانـــی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێرێکیان بەرهەم هێناوە کـــە ئەرکی ئامێرەکە ئەوەیە کە فایلـــەکان لە فلاش میمۆرییەکەوە بۆ فلاش میمۆرییەکی دیکە بگوازێتەوە، یان گەر بتەوێ فایلەکان لەســـەر فلاش میمۆری یان کارت میمۆری بســـڕیتەوە یان کۆپیان بکەیت.
ئامێری OMG یان بە واتایەکی دیکە USB2USB ئامێرەکە کە بارستاییەکەی تەنیا 3 ملمە و بە ئاســـانی لە گیرفاندا جێـــگای دەبێتەوە و ئەو ئەرکانەی ئاماژەمان پێدان بە بەبێ گرفت ئەنجام دەدات.

ئامێرەکە شاشەیەکی لەمســـی جۆری OLED هەیە و کێبڵی USB لەگەڵدایـــە و دەتوانێت هەموو جۆرە میمۆرییەك بخوێنێتەوە. بەکارهێنەر دەتوانێت پاش دانانی میمۆرییەکان هەموو داتاکانی سەریان لە شاشەکەدا ببینێت. فایلەکان دەتوانێت بە ڕاکێشـــان لە فلاشێکەوە بۆ فلاشەکەی دیکە کۆپی بکات.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی هارددیـــــــ

هارددیسکی کۆمپیوتەر وەك کۆگای داکردنی داتاکانە، ئەگەر ئێوە فایلێك یان وێنەیەك یان گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەســـەر کۆمپیوتەرەکەتـــان فـــڕێ دەدەن و دەیخەنە ناو سەبەتەوە، ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئەو فایلە بۆ هەمیشە سڕاوەتەوە، چەندین پرۆگرام هەن کە ئەرکیان ئەوەیە فایلە سڕاوەکانی ناو هارددیسك جارێکی دیکە بگەڕێننەوە. ئەو پرۆگرامانـــە ئەرکی باش ئەنجـــام دەدەن چونکە جار هەیە فایلێك یان وێنەیەك کە زۆر گرنگە بە هەڵە سڕیومانەتەوە و دواتر بەهۆی ئەو پرۆگرامانە ســـەرلەنوێ دەیانگێڕینەوە، بەڵام گەر بمانهەوێ هاردێك بەتەواوی بسڕینەوەو دڵنیابین لەسڕینەوەی و جارێکی دیکە ئەو فایلانە بەهیچ پرۆگرامێك ناگەڕێنەوە چ بکەین؟

# کامێرایەک بە مۆبایلێک کۆنترۆڵ دەکرێت

پاناسـۆنیك لە جیهانی تەکنەلۆژیـادا کۆمپانیایەکی نامـۆ نییە، یەکێکـە لە کۆمپانیا گەورەکانـی جیهان لە بەرهەمهێنانـی تەکنەلۆژیای سـەردەمدا و مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە.

لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو کامێرایەکی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری Lumix DMC-GF6 ناسراوە، ئەم کامێرایە لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێـت. تایبەتمەندییەك کە ئـەم کامێرایە لە کامێراکانی دیکە جیـا دەکاتەوە، بوونی سیسـتمی وایەرلەیسـی wi-fi و NFCیە. بـۆ پەیوەندی دامەزرانـدن لەنێوان کامێرا و مۆبایلدا لە سـەرەتادا دەبێت پرۆگرامێکـی تایبەت بـەو کامێرایە لە سـەر مۆبایل دابەزێنی. دوای دابەزاندنی پرۆگرامەکە دەکرێت بەهۆی مۆبایلەکـەوە کامێراکە هەڵبکەیت و بەتەواوی کۆنترۆڵی بکەیت، هەرچەندە دەکرێ بڵێین ئەم تایبەتمەندییە خاڵێکی سلبیشـی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت بەمەبەسـتی سیخوڕی سوودی لێوەربگیردرێت. لە ڕێگای مۆبایلەکەوە دەکرێـت دوگمەی وێنەکێشـان دابگردرێت، زوم بکرێت. خێرایی وێنەگرتنەکـە کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها دەکرێت هەر لـە ڕێـگای مۆبایلەکەوە فیلمیـش هەڵبگرێتەوە. کامێراکە کوالیتییەکەی 16 میگاپیکسلە.

# کاتژمێرە هۆشمەندەکان ژیرۆکتر دەبن



هەرچەندە کاتژمێر مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، چونکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی میسـرییەکان چەند ئامرازێك دەبینرێت کە مرۆڤی ئەو سەردەم بۆ زانینی کات سوودیان لێبینیـوە، هەرچەندە لە دوای داهێنانی مۆبایلەوە کاتژمێری دەسـت زیاتر بۆ جوانی و ئیکسسـوار بووە بـۆ زانینی کات نەبووە و گرنگیی جارانی لەدەسـتداوە، بۆیە لەلایەن کۆمپانیاکانـەوە هەوڵ دەدرێت کاتژمێری هۆشـمەند بەرهەم بێنـن کە جگە لە زانینی کات پێوەنـد بدرێن بە مۆبایلە هۆشـمەندەکانەوە، وەك کاتژمێری جۆری LinkMe کە کاتژمێرێکی جێگای سـەرنجە و شاشـەی LED هەیە و بەهۆی بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و پەیامەکان و پێوەندییەکان لەسەر شاشەکەی نیشان دەدات. هەروەها کورتە زانیارییەکانی سەر تویتەریش نیشان دەدات. جگە لەوەش کاتژمێرێکی جوانی دیجیتالییە. پاتـری کاتژمێرەکە تا دوو کاتژمێر شـەحنەکەی دانابەزێـت و دواتریش بەهۆی کێبڵی USBیەوە شـەحن دەبێتەوە. کاتژمێرەکە زیاتر لە 200 گڵۆپی LED هەیە و کێشەکەی لە 93 گرام تێناپەڕێت.




# سكێک بەتەواوی

پرۆگرامـی Jetico BCWipe یەکێکە لەو پرۆگرامانە کە ئەرکی ئەوەیە بەتەواوی هارددیسك بسڕێتەوە و پاکی بکاتەوە. پرۆگرامەکە زۆر شێوازی هەن بۆ سڕینەوەی فایلەکان. یەکێك لە شێوازەکان پارچە پارچەکردنی فایلەکانە و کردنیان بۆ کۆدە. ئەرکێکی دیکەی پرۆگرامەکـە ئەوەیە کە هاردەکە بەجۆرێك فۆرمات دەکاتەوە کە هیچ شوێنەوارێك جێناهێڵێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسـیارێکی سەبارەت بە سـەتەلایت بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسـێت لەسـەر ریمۆت کۆنترۆڵی زۆربەی سـەتەلایتەکان دوگمەیـەك هەیـە کە لەسـەری نووسراوە EPG، ئەم دوگمەیە چییە و چ ئەرکێك ئەنجام دەدات؟

خوێنـەری بەڕێـز EPG کورتکراوەی دەسـتەواژەی Electronic Program Guide یـە، بە مانـای ڕێنوێنـی ئەلکترۆنی پرۆگرامـەکان دێت، بـە داگرتنی ئـەو دوگمەیە ئەگەر ئـەو کەناڵە ئـەو خزمەتگوزارییـەی تێدابێت، دەتوانیت ئەو پرۆگرامانەی کە ئەو کەناڵە دواتر بڵاویـان دەکاتەوە یان پێشووتر بڵاوی کردوونەتەوە ببینیت، تەنانەت کەناڵ هەیە بەرنامەی یەك هەفتەی لەو خزمەتگوزارییە داناوە، واتە بەهۆیـەوە دەزانیت ئەو کەناڵە لە کاتژمێـر 3دا چ پرۆگرامێکی هەیـە و پرۆگرامەکـە چەنـد دەخایەنێت. ئەو خزمەتگوزارییە لە کەناڵـە کوردییەکاندا نییە، بەڵام لە جەزیرەکاندا هەیە.